دکتور سا لح ئیبرا هیمی



**سوورەی تەغابون لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بۆ خوا بێخەوشی دەڵێن ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، موڵک و فەرمانڕەوایی هەر بۆ خوایە؛ پەسن و حەمد تایبەت بەوە، ئەو بەسەر هەر شتێکدا بەدەسەڵاتە ﴿١﴾ ئەو زاتێکە ئێوەی خوڵقاندووە، هەندێ لە ئێوە کافر و هەندێکیش بڕوادارن خوا بە کارگەلێ کە دەیکەن بینایە ﴿٢﴾ ئاسمانەکان و زەوی بە هەق بەدیهێناوە و وێنەی بۆ ئێوە کێشا و شکڵێ فرەی پێ داون گەڕانەوەی هەمووان بۆ لای ئەوە ﴿٣﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە خوا دەیزانێ، بەوەی دەیشارنەوەو ئاشکرای دەکەن ئاگایە، خوا ئەوەی لە نێو دڵ و دەروونەدایە پڕزانایە ﴿٤﴾ ئاخۆ دەنگ و باسی کەسانێ کە بەر لەمە کافر بوون پێتان نەگەیوە کە ئازاری گوناح و تاوانی خۆیان چەشت؟ هەر بۆ ئەوانیە عەزابی دەرداوی ﴿٥﴾ ئەم سزادانە لەبەر ئەوە بوو کە پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەی ڕوونەوە دەهاتنە لایان، دەیانوت: ئایا مرۆڤ ئێمە ڕێنوێنی دەکا؟ حاشایان کرد و ڕوویان وەرسووڕاند، خوا بێنیازە (لە تاعەتی ئەوان)و خوا (هەمیشەش) بێنیاز و شیاوی پەسن و حەمیدە ﴿٦﴾ خوانەناسان وایان دەزانی کە هەرگیز زیندوو ناکرێنەوە، بڵێ: بەڵکوو بە پەروەرێنەرم سوێند بە هەقیقەت زیندوو دەکرێنەوە، لە پاشان بەو کارانەی کە کردووتانە ئاگادار دەکرێن، ئەمە بۆ خوا ئاسانە ﴿٧﴾ بە خوا و ڕەسووڵی خوا و بە نورێ کە نازڵمان کردووە (کە قورئان ناویەتی) بڕوا بێنن، خوا بەوەی دەیکەن ئاگایە ﴿٨﴾ ڕۆژێکە کە هەمووتان لە ڕۆژی حەشر (ڕۆژی کۆبوونەوە) کۆ ئەکاتەوە، ئەو ڕۆژە ڕۆژی زیانە (لەو ڕۆژەدا دەرئەکەوێ کە کێ زیانی دیوە)، هەرکەس بە خوا بڕوا بێنی و کاری چاک بکا، (خوا) گوناحی دەوەرێنێ و ئەیباتە ناو بەهەشتگەلێ کە ئاو بە بن دارەکانیدا ئەڕوا، بۆ هەمیشەیش لەوێدا ئەبن، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە ﴿٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

کەسانێ کە کافر بـوون و نیشـانەکانی ئێمەیـان بە درۆ دانـا، ئەوانە دۆژەهـین و بـۆ هەمیشـە لەوێدا ئەبن، (دۆژەە) چەند جێگەیەکی خراپە ﴿١٠﴾ هیچ بەڵایەک وەکەس ناکەوێ، مەگەر بە ئیجازەی خوا، هەرکەس کە بڕوا بە خوا بینێ، خوا دڵ و دەروونی ڕێنوێنی ئەکا، خوا بە هەموو شتێک ئاگایە ﴿١١﴾ پەیرەوی لە خوا و پێغەمبەر بـکەن، جا ئەگەر پشـتتان تـێکـرد، تەنیـا ڕاگەیاندنی خۆیا و ئاشکرا لەسەر ڕەوانەکراوی ئێمەیە ﴿١٢﴾ خوا زاتێکە بێجگە لەو شـتێ‌تـر نییە کە بۆ پەرستن ببێ، بڕواداران تەنیا ئەبێ خو بە خوا بسپێرن و تەوەکولیـان بەو بـێ ﴿١٣﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! هەندێ لە ژنان و منداڵانتان دوژمنـی ئێـوەن، جا خۆیـان لـێ بپارێزن، ئەگەر بیانبەخشن و چاوپۆشییان لێ‌بکەن و لە تاوانیان ببوورن، خـوایش لێبـوری فـرە دڵاوێنە ﴿١٤﴾ ماڵ و منداڵتان تەنیا هۆی ئەزموونی ئێوەن، لە حاڵێکـدا پاداشـی گەورە لای خوایە ﴿١٥﴾ جا تا ئەتوانن لە خوا بترسن و (ئامۆژگارییە ئاسـمانییەکان) گـوێ بـدەنێ و (لە فەرمانەکانی خوا) ئیتاعەت بکەن و بەخشش بکەن کە سـوودی بـۆ خۆتـانە، لە مـاڵی خۆتـان ببەخشن، ئەوانەی کە لە ڕژدی خۆیان دەپارێزن هەر ئەوانن ڕزگـار ﴿١٦﴾ ئەگەر بە خـوا وامـێ چاک بدەن، چەند بەرابەر بۆتان زیـاد ئەکـاو ئەتانبەخشـێ، خـوا شـوکر وەرگـر و لەسـەرەخۆیە ﴿١٧﴾ زانا بە نادیار و دیار و خۆیا و ئاشکرای پڕ دەسەڵاتی لەکارزانە ﴿١٨﴾

## سوورەی تەڵاق ١٢ ئایەتە